کەسێک بێ هۆبی بێت چەند سەرکەوتووش بێت، بە نۆرمال لە قەڵەم نادرێت، چونکە ناکرێت تۆ سەرکردەی پارتێک بیت وخۆت بە سەرۆکی میللەتێک بزانیت، بەڵام فرت بە سەر (مۆزیک و تیاتر و وەرزش و...هتد)ەوە نەبێت .

# هۆبی!

کەیهان عەزیز

ڕۆژی ( 20_03_2004) پرنسیس یولیانا دایکی بیاتریکسی پادشای هۆڵەند ،لە 94 ساڵیدا چاوەکانی لێکناو ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

ناوبراو نزیکەی 32 ساڵ ، تا ساڵی 1980 پادشای هۆڵەند بوو.کاتێک هەستی کرد تواناکانی وەک جاران نەماوە و پیری زۆری بۆ هێناوە ئیدی وەک سەرکردەکردەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست !دەستی لەکار کێشایەوە و خەریکی هۆبیەکانی خۆی بوو .

یەکێک لەو هۆبیانەی کە سەرمەستی بوو، کاری نواندن(ئارتیست)ی تیاتربوو.ناوبراو نمونەی بێفیزی وسادەیی بوو. تەلەویزیۆنەکانی هۆلەند بە درێژی راپۆرتیان لەزیندگی ورەفتاری ئەو خانمە دەدا. بەبەر خۆمەوە خۆزگەم دەخواست ،کە سەرانی ئەحزابی کوردیش وەک ئەو خانمە گەورە و میهرەبان بوونایە و پاش 30ساڵ وازیان لە دەسەڵات بێنایە و خەریکی هۆبیەکانیان بوونایە!!.بەڵام هۆبی بۆ کێ ؟؟ بۆ سەرانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و کوردستان؟!.

سەرکردەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست شتێک جگە لە داپڵۆسین و سەرکوتکردن و پارە خواردن وخزم دامەزراندن و ژن گورین و جەنگ و پێڵاوی داگیرکەر پاکردنەوە نازانن؟!.

لە ئەوروپا گەر یەکێک هۆبی نەبێت ئەوا بە ناتەواو یان بەنیوە شێتی لەقەڵەم دەدەن.چونکە پێیان وایە مرۆڤێکی ئاسایی پێویستە کاتێکی بەتاڵ بۆ خۆی پەیدا بکات،تا بتوانێت لە ڕێگای هۆبیەکانیەوە سەرلەنوێ توانا و (کواڵیتایت) و (ئەنێرژی) و کاری زیندوو ئەکتیڤ رابگرێ!. ئەوانەی لای ئێمەش وێڕای ئەوەی کە نازانن هۆبی چییە!!،وەلێ گەر بشزانن ئەوا بە خواردن و ژن گۆرین و پارە دزینی دەزانن !،تا ئارەزووی کۆکردنەوەی تەمبر(پول)یان تیاتر و راکردنی بەیانیان و مەلەکردن و پاسکیل لێخورین و مۆزیک لێدان.

گەر لێرە کەسێک بێ هۆبی بێت چەند سەرکەوتووش بێت ،دیسان لەو خاڵەدا بەناکام و ناسەرکەوتووی دەزانن. چونکە ناکرێت تۆ سەرکردەی پارتێک بیت وخۆت بە سەرۆکی میللەتێک بزانیت فرێشت بە سەر مۆزیک و تیاتر و وەرزش و...هتد نەبێت و بە نۆرمال لە قەڵەم بدرێیت.

ناکرێت هۆبی لە قەل خواردن و پیاهەڵداندا ببینیەوە!، ناکرێت هۆبی لە دزین و سەفتەکردنی پوڵ وپارەدا ببینیەوە، ناکرێت هۆبی لە تازەکردنەوەی ژندا ببینیەوە،ناکرێت و...ناکرێت...! ئەمانەن هۆبی سیاسەتمەدارانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئەمانەش لەگەڵ کەلچەری ئیسلام و شێوازی بەرهەمهێنانی خێڵەکی و هەرەمەکیانەی ئەو کۆمەڵگانەدا دێتەوە.

Breda,4-04-2004